Şarkiyat İLMİ ARAŞTIRMALAR DERGİSİ
JOURNAL OF ORIENTAL SCIENTIFIC RESEARCH (JOSR)
**Cilt/Volume:** 13, **Sayı/Issue:** 2 (Ağustos/August 2021)




# (الخلافات السياسية بين الصحابة، رسالة في مكانة الأشخاص وقدسية المبادىء) محمد مختار الشنقيطي

**Tareq Mohammed Awrahim**
Zanîngeha Mardin Artuklu, Fakulteya Edebîyatê, Beşa Ziman û Wêjeya Kurdî
dr.tareq74@gmail.com • https://orcid.org/0000-0002-5895-3774

**Article Types / Makale Türü**
Book Review / Kitap Değerlendirmesi

**Received / Makale Geliş Tarihi**
10/07/2021,

**Accepted / Kabul Tarihi**
28/08/2021
Doi: https://doi.org/10.26791/sarkiat.969447

چەند بنەمایەک بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ جیاوازیە سیاسیەکانی نێوان هاوەڵان

پەیامێک لە بارەی پێگەی کەسەکان و پیرۆزی بنەماکان

(الخلافات السياسية بين الصحابة، رسالة في مكانة الأشخاص وقدسية المبادىء)

دەربارەی نوسەر:

محمـد مختـار الشـنقيطي نوسـەرێکی مۆریتانیـە و مامۆسـتای زانکۆیـە لـە وڵاتـی قەتـەر، لەگـەڵ ئـەوەی خاوەنـی بڕوانامـەی مەدرەسـە شـەرعیەکانە، هەڵگری دوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسە یەک لە زانستە شەرعیەکان یەکیش لە وەرگێڕانی (عەرەبی، فەرەنسی ، ئینگلیزی) ، هەروەها هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بەڕێوەبردن لە زانکۆی کۆڵۆمبیای باشور لە ئەمریکا، دواتر ماستەر و دکتۆرای بە دەست هێنا لە زانکۆی تەکساسی ئەمریکی لە مێژووی ئاینەکان.

نووسەر خاوەنی چەند کتێبێکە لەوانەی بە عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە:

الحركة الاسلامية في السودان، فتاوى سياسية، خيرة العقول المسلمة في القرن العشرين، جراح الروح (ديوان شعر)، تراكم الهويات وتزاحمهما في الفضاء العربي، محمد عبدالله دراز فيلسوف القرآن الكريم، أزمة الدستور في الحضارة الإسلامية

ئەوانەشی بە ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە:

-أثر الحروب الصليبية على العلاقات السنية الشيعية کە تێزی دکتۆراکەیەتی

-صلاح الدين الأيوبي في الذاكرة السنية کە بەشێکە لە کتێبی (تذكرة الحروب الصليبية)

-رحلة أليمة الى الخالق، لحظة التحول الروحي بين الغزالي وأغسطين

-الاستشراق والاستغراب بين إدوارد سعيد وبرناد لويس

-نظرة الأمريكيين الأوائل للمسلمين

- الأفارقة الأوائل المسلمون في أميركا

سەرباری چەندان وتاری بڵاوکراوە لە پێگە ئەلەکترۆنیەکان.

نوسەر ئەم کتێبەی بە ناونیشانی (الخلافات السياسية بين الصحابة، رسالة في مكانة الأشخاص وقدسية المبادىء) کە یەکەمجار لە دوو توێی کتێبێکی ٢٨٨لاپەڕەیی لە شاری بەیروت لە ساڵی ٢٠١٣ چاپکرا.

## نوسینی زانایان لە سەر کتێبەکە:

سەرەتادا زانای ناوداری سەردەم (دکتور یوسف القرضاوی) وتارێکی درێژی بۆ پشتگیری بابەتەکەو نوسەرەکەی نوسیوەو چوار بنەمای پێشنیار کردوە بۆ ئەو بنەمایانەی نووسەر روونی کردۆتەوە کە ئەمانەن: (ل١٣-٤٠).

١. خيرية القرون الأولى. چاکی وپاکی کەسەکانی سەدەکانی پێشین.

٢. الامة الاسلامية ليست هي الحكام فقط. ئوممەتی ئیسلام تەنها حوکمڕانەکان نین.

٣. الاسلام هو المرجع الأعلى للأمة. ئیسلام مەرجەعی باڵای ئوممەتە.

٤.تقييم الأحداث في إطارها الزمني. هەڵسەنگاندنی رووداوەکان لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا.

پاشان بیرمەندی ناودار راشد غەننوشی لە ژێر ناونیشانی (کتێبێکە شایستەی ئەوەیە بخوێنرێتەوەو دووبارە بخوێنرێتەوە) پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نوسیوە (ل٤١-٤٨).

دەروازەی کتێبەکە:

نوسەریش بەر لەوەی بچێتە ناو ناوەڕۆکی باسەکە جگە لە دوو پێشەکی، لەژێر ناونیشانی (بناغەدانانی شەرعی و هۆشیاری مێژوویی) دەروازەیەک بۆ کتێبەکەی دەکاتەوە (ل٦٣-٨٦).

نووسەر پێی وایە تێڕوانینی دروست لەم باسە ئاڵۆزەدا بەوە دروست دەبێت کە وەحی بکرێتە بنەما نەک تەجروبە مێژوویەکەی

مـرۆڤ. وە دەبێـت خوێنـەر جیـاوازی ئـەم دوانـە بـکات و تێکەڵیـان نـەکات. هەروەهـا تەنهـا بنەمـاکان پیـرۆزن و ئـەو میکانیزمانـەی بـۆ جێبەجێکـردن و بەرجەسـتەکردنی بەکارهاتـون، دەکرێـت بگۆردرێـن لـە سـەردەمێک بـۆ سـەردەمێکی تـر. هەروەهـا ڕێـزو پایەی کەسـەکانی مێژوو بەنـدە بـەوەی چەنـد پارێزگاریـان لـە بنەمـاکان کـردووە. جـا هاوەڵـە بەرێـزەکان کـە نـەوەی دامەزرێنـەرن و پێشـەنگن بـۆ ئوممـەت، هەڵـەی یەکێکیـان، جیاوازییەکانـی نێوانیـان کاریگـەری زۆری بـوە لـە سـەر مێـژووی دوای خۆیـان، تەنانـەت کاریگـەری لە سـەر هـزرو تێڕوانینی موسـڵمانان جێهێشـتوە. بۆیـە زۆر گرنگـە خوێندنەوەیەکـی تـەواو بکرێـت بـۆ ڕوداوەکانـی ئـەو سـەردەمە، تـا تێروانینێکـی ڕاسـت و دروسـت ببێـت.

هـەر لـەم دەروازەدا نوسـەر مشـتومڕی نمونـەی بـاڵا و وێنەکـە (جدليـة المثـل والمثـال) دەوروژێنـێ، بنەماکانـی ئیسـلام و جێبەجێکردنـی لـە مێـژوودا لـە زەینـی مرۆڤـدا دەکرێـت بـەم جـۆرە دابـەش بکرێـت:

یەکەم: بنەماکان کە هەر تاکێک هەوڵ دەدات پابەندبێت پێیەوە.

دووەم: وێنەی کەسانێک کە تا ئاستێکی بەرز بنەماکانیان جێبەجێ کردووە و مرۆڤ دەیەوێت چاویان لێبکات.

سـێیەم: ئـەو میکانیزمـەی ئـەو پێشـڕەوانە بەکاریـان هێنـا و بوویـە هـۆی سـەرکەوتنیان. مـرۆڤ ئێسـتا دەیەوێـت هەمـان میکانیـزم بەکاربێنێتـەوە.

نووسـەر پێـی وایـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ئـەو بنەمایانـە بـە شـێوازێکی ڕەهـا چ جـار جێبەجـێ نەبـووە. تەنانـەت لـە سـەردەمی پێغەمبەرانیشـدا جێبەجێبوونـی مومکیـن نەبـووە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی پێغەمبەرمـان (د.خ) وەفاتـی کـرد و حـەزی دەکـرد کەعبـەی پیـرۆز لـە سـەر بناغەکـەی پێغەمبـەر ئیبراهیـم (د.خ) بنیـات بنێتـەوە.

هەروەهـا بـڕوای نووسـەر لەبـەر ئـەوەی زۆرینـەی خەڵـک جیـاوازی ناکـەن لـە نێـوان بنامـاکان و هەڵگرەکانیـدا بۆیـە تووشـی دەردی (تەجسـید) دەبـن، واتـە بنەماکانیـان لـە قاڵبـی کەسـەکانەوە دەبینـن و تووشـی بیـر ڕاوەسـتان دێـن و ناتوانـن بـێ لـەو کەسـە یەکەمینانـە بنەمـاکان ببینـن. ئـەم دەردەش بـە هۆشـیاری مێژوویـی چارەسـەر دەبێـت کـە بیرۆکـەی زەمـان و سـەردەم دەخاتـە نـاو بنەمـاکان، ئیـتر مـرۆڤ توانـای ئـەوەی دەبێـت جیـاوازی لـە نێـوان بنەمـاو جێبەجێکارو میکانیزمەکەیـدا بـکات. ئەمـە پوختـەی باسـەکەیە و هەرچیـەک دوای ئەمـە لـەم دەروازەیـەدا بـاس دەکرێـت ڕۆشـنکەرەوەی ئەمەیـە.

(پەندێـک لـە چیرۆکەکانـی قورئانـەوە): (ل٦٨-٧١) نوسـەر بـە پاڵپشـتی قورئـان کـە لـە باسـی کەسـانی ڕابـردوودا بـە پێغەمبەرانیشـەوە (د.خ) لایەنـی لاوازیـان ناشـارێتەوەو چونکـە مێـژووی فریشـتە ناگێڕێتـەوە، باسـی سـاتی لاوازی و هەڵـەی پێغەمبەرانیشـی تۆمـار کـردوە، بـۆ نمونـە: ئـادەم و نـوح و داود و سـولەیمان و یوسـف و موسـا و خاتەمـی هەموویـان (درودی خـودا لـە هەموویـان).

بۆیـە ئـەو ڕێبـازەی هـاوەڵان وا دەردەخـات کـە هەمـوو ژیانیـان پـڕی کۆشـش و کاری چاکەیـە ڕێبازێکـی ناتـەواوە، هەڵبەتـە ئـەم تێڕوانینـە یـەک لایەنـە، بـۆ بەرزکردنـەوەی جـۆش و خـرۆش کاریگـەرە، بـەڵام عەیبـی ئـەم ڕێبـازە ئەوەیـە کـە هـاوەڵان لـە سروشـتی ئاسـایی مـرۆڤ دەردەهێنێـت، چونکـە مرۆڤـەکان بـە گشـتی لـە ململانێـی بەردەوامـدان لـە گـەڵ دەروونـی خۆیـان؛ کەوتـن و هەسـتانەوە ، چوونـە غەفڵـەت و بەئاگاهاتنـەوە، توشـی گونـاە بـوون و گەڕانـەوە، کەوتنـە هەڵـە و پەشـیمانبوونەوە، لـە سروشـتی گشـت مرۆڤێکـە.

بۆیـە پیشـاندانی هـاوەڵان وەک ئـەوەی کـە هەبـوون و ژیـاون بـۆ کەسـانی دوای خۆیـان سـوودمەندترە و پەندئامێزترە، چونکـە مـرۆڤ وەک چـۆن لـە باشـیی پێشـینان کەڵـک دەبینێـت، هەروەهـا لـە هەڵەکانیـان پەنـد وەردەگرێـت. پیشـاندانی ڕۆژەکانـی ئـەو سـەردەمە بـەوەی خاڵییـە لـە هەمـوو کـەم و کورتییـەک، پاکـە لـە هەمـوو خەوشـییەک، نابێتـە مێژوویەکـی سەرمەشـق بـۆ کەسـانی دی، بەڵکـو ئـەو ئەزمـوون و ڕۆژگارە دەبێتـە مێژوویەکـی بەسـتووی پیـرۆز، ڕاسـتە مێژوویەکـی جۆشبەخشـە بـەڵام شـارەزایی و ئەزمـوون ناداتـە خوێنەرەکـەی، هیممـەت دەجوڵێنێـت بـەڵام پەنـد و وانـە پێشـکەش نـاکات، کەمتەرخەمـی نەوەکانـی دواتـر دەردەخـات و بـەڵام هیـوا نابەخشـێتە بەرامبـەر تـا بتوانێـت چـاو لـەو پێشـڕەوانە بـکات.

(وانەیەکی گرنگ لە عەممارەوە: پارێزگاری لە پایەی کەسەکان و بەرزڕاگرتنی بنەماکان)(ل٧١-٧٥)

لـە سـاتەوەختی جەنگـی جەمەلـدا، کاتێـک عەمـمار بـە ئاشـکرا گەواهـی بـۆ پلـە و پایـەی دونیـا و دوارۆژی دایکـی ئیمانـداران خاتـو عائیشـە (خ.ر) دەدات، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا داوا لـە خەڵکـی کووفـەش دەکات پاڵپشـتی لـە هەڵوێسـت و بڕیـاری خەلیفـە عەلـی (خ.ر) بکـەن و نەچنـە پـاڵ خاتـو عائیشـە.

نوسـەر بـە تێڕامـان لـە تێڕوانیـن و هەڵوێسـتی عەمـمار(خ.ر) دەڵێـت: عەمـمار هـەم پایـەی کەسـەکەی پاراسـت لـە هەمـان کاتیشـدا بنەماو حـەق و ڕاسـتی بـەرز ڕاگرت.چونکـە پارێـزگاری لـە پایـەی کەسـەکان پێویسـتە، بـەڵام پشـتگیری لـە حـەق پێویسـترە. نابێـت لـە بـەر خاتـری پایـەی کەسـێک بنەمـاکان بـەلا بنرێـت، بەڵکـو هـەردەم بنەمـاکان لـە پێشـترن و پایـەی کەسـەکان بەنـدە بـە قـەد پابەندیـان بـە بنەماکانـەوە.

(بۆچی ئیبن تەیمیە): نوسەر نهێنی زۆر پشتبەستن بە بەرهەمەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە (٦٦١-٧٢٨ک.) ئاشکرا دەکات، چونکە پێی وایە ئەو زانایە لە هەموو زاناکانی پێش خۆی و دوای خۆی زیاتر لە سەر رووداوەکانی سەردەمی هاوەڵان نووسینی هەیە، هەروەها توانیویەتی باڵانسێک بپارێزێت لە نێوان بەرزبینینی هاوەڵان و بەرگریکردن لە پیرۆزی بنەماکانی ئیسلام، کە ئەم هاوکێشەیە زۆرێک نەیانتوانیوە رایبگرن، جا یان بەرگرییان لە بنەماکان کردووە، یان بۆ پارێزگاری لە پایەی کەسەکان بنەماکانیان فەرامۆش کردووە، کە ئەم دەستەی دووەمەش گەلێکن. (ل٧٥-٧٧)

(بۆچی ئەهلی فەرمودە) هەروەها نوسەر زیاتر سەرچاوەکانی زانایانی فەرمودەی بەکارهێناوە، چونکە پێی وایە زانایانی فەرمودە زیاد لە هەموان وردەکاری لە هەواڵەکان دەکەن و، بە سەر هەمواندا رێبازی جەرح و تەعدیل جێبەجێدەکەن، وە بنەماکان لای ئەوان لە سەرەوەی کەسەکانە. (ل٧٧-٧٩)

(رێبازی زانست و داد) دەبێت ئەوەی قسە لە سەر جیاوازیەکانی نێوان هاوەڵان دەکات پێویستە زانیاری تەواوی هەبێت بە تەواوی رووداوەکان و شارەزای سروشتی کەسەکان و کۆمەڵگا بێت. دادگەر بێت بە جۆرێک مافی هەموو لایەک بدات و لایەنگیری دەروونی بۆ لایەک نەبێتە هۆکاری ستەم لە لایەکی تر. جا گەر کەسێک ناتوانێت هەڵگری ئەم دوو سیفەتە بێت با ئەم کارە جێبهێڵێت بۆ کەسی خۆی، خۆی تووشی نەفامی و ستەم نەکات.

ئەمە رێبازی زانایەکی وەک ئیبن تەیمیە یە کە پێیوایە بێدەنگ بوون لەوەی روویداوە لە نێوان هاوەڵاندا مەسەلەیەک نیە لە مەسەلەکانی باوەڕ، بۆیە رێگری ناکات لە کەسێک بچێتە ناو ئەم باسە بەمەرجێک هەڵگری هەر دوو سیفەتی زانست و داد (علم و عدل) بێت (ل٧٩-٨٥)

ناوەڕۆکی کتێبەکە:

نوسەر دەچێتە سەر ئەسڵی باسەکە و بیست و دوو بنەمای پێشکەش کردوە بۆ مامەڵەکردنێکی دروست و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە و تێڕوانینێکی واقیعیانە بۆ ئەو جیاوازی و پەفچوونەی رویداوە لە نێوان هاوەڵە بەڕێزەکاندا (خ.ر). (ل٨٥-١٩٢)

بنەمای یەکەم: دڵنیابوون لە گواستنەوە و گێڕانەوەدا (التثبت من النقل والرواية) . بۆ دڵنیابوون لە گێڕانەوەکان سەبارەت بە مێژووی هاوەڵان دەبێت پشوودرێژانە خوێندنەوەی ورد بکرێت بۆ سەرچاوەکانی فەرمووده بە هەموو جۆرەکانیەوە، چونکە ئەو سەرچاوانە پڕن لە زانیاری دروست و تەواو. وە زانایانی فەرمودە هەڵسەنگاندنیان بۆ زانیاریەکان کردوە لە دەرەوە و راویەکەیان بەر نەشتەری رەخنەی خۆیان داوە. دواتر بچێتە سەر سەرچاوەکانی مێژوویی بە تایبەت ئەوانەی کە زانایانی فەرموودە نوسیویانە وەک الذهبي و ابن حجر و ابن كثير. (ل٨٧-٩٠)

بنەمای دووەم: لەبەرچاوگرتنی پایە بڵندی و باشەی هاوەڵان (إستصحاب فضل الأصحاب). (ل٩٠-٩٤) لە گەڵ ئەوەی تاوتوێی جیاوازیەکانی نێوان هاوەڵان وە رەخنە گرتن لە هەندێک هەڵوێستیان لە هەندێک هەل و مەرجدا بۆ پەندوەرگرتن رێپێدراوە، بەڵام نابێت سنووری ئەدەب لە بەرامبەریان ببەزێنرێت، نابێت باشەی ئەو هاوەڵە بەڕێزانە لە بیر بکرێت، چونکە ئەوان فەزڵی پێشینەییان هەیە، هەموو باوەڕدارێک دەبێت خۆی بە منەتبار ببینێت لە ئاست ئەوان.

بنەمای سێیەم: جیاوازی کردن لە نێوان گوناهی داپۆشراو و کۆششی سوپاسکراودا (التمييز بين الذنب المغفور والسعي المشكور). (ل٩٤-٩٦) کاتێک باسی هەڵەیەک یان کەموکورتیەکی هاوەڵان دەکرێت دەبێت هێندە گەورە نەکرێت لێیان کە لێخۆشبوونی خودایی نایانگرێتەوە. یاخود بە پێچەوانەشەوە ئەو هەڵانەیان بۆ نەکرێت بە چاکە، لە سەر بنەمای ئەوەی ئیجتیهادێک بوە نەیانپێکاوە، بەڵکو بە رێبازی زانستی و داد هەڵە بە هەڵەیەکی داپۆشراو بناسێنرێت، نەکرێتە چاکەیەکی سوپاسکراو.

بنەمای چوارەم: جیاکردنەوەی رێبازی ریشەدارو رێبازی مێژوویی (التمييز بين المنهج التأصيلي والمنهج التأريخي).(ل٩٧-٩٨) لە رێبازی بنەماکاریدا لێکۆڵەر زیاتر رەخنە لە تەجرەبەی کەسەکان دەگرێت کاتێک بە گوێرەی بنەماکان هەڵیاندەسەنگێنێت، بەڵام لە رێبازی مێژوویی دا زیاتر بەرگری دەکرێت لە پایەی کەسەکان، تا هەیبەتیان لە بەرچاوان کەم نەبێتەوە. بەڵام گرتنی رێبازێک لەم ناوەندەدا کە بنەماکان پێشیل نەکرێت و هەلسەنگاندن بۆ کەسەکانیش بکرێت.

بنەمای پێنجەم: دانان بە سنوورداری تەواومەندی مرۆڤدا (الاعتراف بحدود الكمال البشري).(ل٩٩-١٠٢) هەرکەسێک بە ویژدان و یەکپارچەیی بڕوانێتە کۆمەڵگەی هاوەڵان کۆمەڵێکی کامڵ و بێ کەموکوڕ دەبینێت، بەڵام سروشتی ئەم تەواومەندی مرۆییە وایە لە سەر ئاستی تاک دەکرێت لە ناو هاوەڵان هەڵە و کەموکوڕی دەستنیشان بکرێت. واتە هاوەڵێکیش بەشداری جەنگی بەدریشی کردبێت، مەعسوم نابێت لە هەڵەکردن.

بنەمای شەشەم: دانان بە قورسی پاشماوەی نەفامیدا (الاقرار بثقل الموروث الجاهلي) (ل١٠٣-١١٠).ئەو چەمک و تێگەشتن و کەلتورە نەفامییەی لە کۆمەڵگەکانی دورگەی عەرەبیدا ریشکی قوڵی هەبوو، باڵی گرانی خۆی کێشابوو بەسەریاندا. ئیسلام هات و

جگە لە گۆڕینی باوەڕ، پێوەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیشی دەسکاری کرد. هەر چەندە زۆرێک لە هاوەڵان بە پلەی جیاواز خۆیان لەو میرات و کەلتورە پاککردەوە. ئەوانەشی درەنگتر بە کۆمەڵ موسڵمان بوو بوون تەواو پەروەردە نەبووبوون و گرانی کەلتوری نەفامیان لەخۆ نەکردبووەوە، ئاسانترو خێراتر بوونەوە بە بەشێک لە ئاژەوەکان، وە ئەو کەلتورو پێوەرە چەوتانەی لایان مابوو هۆکارێک بوو جارێکی دیکە ئاگری ئاشوب جۆش بداتەوە.

بنەمای حەوتەم: کۆبوونەوەی دەسپاکی و هێز لە خەڵکدا کەمە (اجتماع الأمانة والقوة في الناس قليل). (ل١١١-١١٧) هەردوو سیفەتی ئەمانەت و هێز مەرجن بۆ وەرگرتنی هەر پلەو پۆستێکی سیاسی، جا ئەم دوو سیفەتە پێکەوە کەم کۆدەبێتەوە لە کەسێکدا، گەر بشبێت دەگمەن دەتوانێت بالانسی نێوانیان بپارێزێت، ئەمە راستە بۆ هەموو کەسێک بە هاوەڵانیشەوە. بۆیە دەکرێت هاوەڵێک لە لایەکەوە مەدح بکرێت لە سەر سیفەتێک کە تیایدا زاڵەو پێی دەناسرێتەوە، لە هەمان کاتدا لەبەر سیفەتێکی تر لە هەندێک هەڵوێستی رەخنەی لێبگیرێت. نمونەی ئەم بابەتەش لە هاوەڵاندا بە روونی دیارە لە خالیدی کوڕی وەلید و ئەبوزەری غەففاری (خ.ر).

بنەمای هەشتەم: هەڵسەنگاندنی رووداوەکان بە گوێرەی سەردەمەکەی (الأخذ بالنسبة الزمانية). (ل١١٧-١١٩) رووداوەکان و هەڵس و کەوتی کەسەکان بە پێوەرو باوی سەردەمەکەی خۆی بکێشرێت، دەرئەنجام و بڕیارێکی راستتر لە بارەیەوە دەردەچێت. بۆ نمونە هەڵسوکەوتی هەڵەی هاوەڵان یان حوکمڕانێکی موسڵمانان گەر بە پێوەری سەردەمەکەی خۆیان تەماشا بکرێت نە گەورەتر لە خۆو نە بچوکتر لە خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

بنەمای نۆیەم: تێکەڵنەکردنی هەست و سۆز بە رووداوەکان (عدم الخلط بين المشاعر والوقائع).(ل١١٩-١٢٧) رووداوە تاڵەکانی سەردەمی هاوەڵان هەموو موسڵمانێک دڵتەنگ دەکات، بۆیە هەندێک لە زانایان و لێکۆڵەرانی کۆن و نوێ و هەستیان تێکەڵ بە راستی روداوەکان بووە و تا ئەو ئاستەی هەندێکیان ئینکاریان لە رووداوەکان کردووە و یان لە ژمارەکان یان لە بەشداری کەسانێک یان هەر بە گشتی بەسەریدا تێپەڕیون هانی دەوروبەریشیان داوە لەو بەسەرهاتانە نەکۆڵنەوە. بەڵام ئەم رێبازە سەرچاوەکەی هەست و سۆزو خۆزگەی کەسەکانە کە تێکەڵی راستی رووداوەکان بووە و، هیچیش لە کرۆکی باسەکە ناگۆڕێت.

بنەمای دەیەم: دووركەوتنەوە لە نەفرەت و جنێودان (الابتعاد عن اللعن والسب).(ل١٢٨-١٣٤) لە دەرئەنجامی ئەو ئاژاوەو کوشت و کوشتارەی لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا رویدا، کەلتوری جنیو و نەفرەتکردنی لە یەکتری هێنایە ئاراوە، بەڵام زانایانی ئەهلی سوننەت دەڵێن لە کاتی ناوهێنانی ستەمکارێکی باوەڕدار بە دیارکراوی نابێتە جنێوو نەفرەتی لێ بکرێت، بەڵکو دەستاوەژەیەکی گشتگیر وەک (نەفرەت لە هەموو ستەمکارێک) بە کار بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەم و زمانی باوەڕدار دوور بێت لە نەفرەت و جنێو، نەک بەرگری بێت لە ستەمی ستەمکاران. جا ئەمە بۆ ستەمکارێکی وەک یەزید و حەججاج هاووێنەیان راست بێت، ئەوە بێگومان بۆ هاوەڵان زیاتر راستە. کە فەرمودەی روون هاتووە لە سەر نەوتنی وشەی نەشیاو پێیان.

بنەمای یازدەیەم: دوورکەوتنەوە لە بەکافرکردن و تۆمەتبارکردن بە دووڕوویی (الابتعاد عن التكفير وعن الاتهام بالنفاق).(ل١٣٤-١٤٣) هەرجۆرە هەڵەو تاوانێک بسەلمێت لە سەر هاوەڵێک لە هاوەڵان، ناگاتە ئەو ئاستەی بە کافر یان بە دووڕوو وەسف بکرێن. کە گروپێکی نەزانی ناو شیعە سیفەتی کوفرو وەرگەرانەوە و دووروویی دەدەنە پاڵ هاوەڵان دوای وەفاتی پێغەمبەر،بە تایبەت ناوی موعاویە و عەمری کوڕی عاص و ئەبو سوفیان دەهێنن. لەکاتێکدا زانایانی ئەهلی سوننەت بە گشتی بە بەڵگەی شەرعی و عەقڵی رەتی ئەو تۆمەتانەیان لێدەکەن.

بنەمای دوازدەیەم: خۆ قوتارکردن لە چەلەحانێ و پەرچەکردار (التحرر من الجدل وردود الأفعال).(ل١٤٣-١٤٩) پێویستە خوێنەری رووداوەکانی سەردەمی هاوەڵان خۆ ئازاد بکەن لە هەڵوێستی پەرچەکردارانە. چونکە کاتێک کەسێک بە پەرچەکردار وەڵامی تۆمەتە نادروستەکانی سەر هاوەڵان دەداتەوە، ناتوانێت لە سنوری هەڵچوونی خۆی دەرنەچێت و لە بەرگریکاری لە هاوەڵانیش زیاتر، دەبێتە پارێزەری هەڵەی دەسەڵاتدارانی دوای ئەوانیش و بیانوو بۆ ستەمەکانیان دەهێنێتەوە.

هەروەها کۆمەڵێکیش پەرچەکردارانە لە بەرامبەر دڵتەنگی و لەخۆدانی شیعە لە رۆژی عاشورادا، خۆشی دەردەبڕن بە بۆنی خۆش لە خۆدان و جلی جوان لەبەرکردن و ئامادەکردنی خواردنی جۆراوجۆر. بەڵام زانایان ئەم رێبازە بە هەڵە دەبینن و پێیان وایە پشتگیری لە حەق بە کارێکی نەشیاوی تر نابێت. هەندێک جار پەرچەکردارەکان گەشتۆتە ئەوەی تۆمەتی شیعەگەری بدرێتە پاڵ زانایانی وەک (الشافعي ،النسائي، الطبري، الدارالقطني، الحاكم، ابن عبدالبر) کاتێک رایەکیان پیشانداوە، گوێگرەکە وا راڤەی کردوە کە ئەوە پشتیوانیە لە رکابەرەکانیان. بۆیە کاری پەرچەکردارانە حەق ناباتەوە شوێنی راستی خۆی.

بنەمای سێزدەیەم: تێگەشتن لە سروشتی ئاوێتەی ئاشوبە سیاسیەکان (ادراك الطبيعة المركبة للفتن السياسية).(ل١٤٩-١٥٢) ئاژاوەی سیاسی بە تەنها فاکتەرێک سەردەرناکات، چەند هۆکارێکی لەیەک ئالاو ئاشوب دەخولقێنن. واتە تەنها بە وروژاندنی گومان یان بە تەنها شوێنکەوتنی ئارەزووەکان، ناتوانین راڤەی نهێنی هەڵگیرسانی ئاگری ئاژاوەی پێ بکرێت.

شەهیدكردنی خەلیفە عوسمان تەنها بە فیتی جولەكە و مەجووسەكان نەبوو، بەڵكو خۆشەویستی دونیا لای بكوژانی و لای هەندێك لە خزمان و كاربەدەستانی خەلیفە و گۆڕانی گشتی كۆمەڵگە و دەروونەرمی و هەڵەی خەلیفە لە بەڕێوەبردندا. هەموو ئەم هۆكارانە پێكەوە ئاشوبیان گەیاندە شەهیدكردنی خەلیفە بە دەستی ئاژەوەگێڕان.

بنەمای چواردەیەم: جەختكردن لە هۆكارە ناوخۆییەكان (التركيز على العوامل الداخلية). (ل١٥٢-١٥٥) ئەو ئاشوب و گێژاوەی هاوەڵان كەوتنە ناوی، نابێت بە دەستی دەرەكی و بە باسی رۆڵی ئیبن سەبەئی جولەكەی بزانین، بەڵكو ئەم لێكدانەوەیە خۆی لە خۆیدا بچووككردنەوەی عەقڵی دەستەجەمعی ئەو هاوەڵانەیە كە كۆتاییان بە حوكمی دوو گەورە زلهێزی ئەو سەردەمە هێنا. بەڵكو دەبێت بە دوای هۆكارە ناوخۆییەكاندا بگەڕێین. وەك هەردوو زانای ناودار: ئیبن تەیمیە و ئیبن حەجەر (٧٧٣-٨٥٢ك.) كە لە سەر هۆكارە ناوخۆییەكەن دەوەستن، بە دوور و نزیك ئاماژە بە رۆڵی ئیبن سەبەء ناكەن.

بنەمای پازدەیەم: بەدوورگرتنی دەستەواژەكانی بیروباوەڕ لە ناكۆكییە لاوەكیەكان (اجتناب الصيغ الاعتقادية للخلافات الفرعية). (ل١٥٥-١٥٨) هاوەڵان (خ.ر) خۆیان جیاوازیەكانی نێوانیان بەرگی دینیان بەبەردا نەكردوە و بە مەسەلەیەكی سیاسی و لاوەكی دینیان داناوەو نەیانكردۆتە مەسەلەیەك لە ئەسڵ و بنەماكانی دین، تا یەكتری پێ كافر بكەن. بۆیە پێویستە لێكۆڵەریش لەو رووداوانە زمانی كوفرو ئیمان بەكارنەهێنێت و بە جیاوازی ڕاو هەڵویستی سیاسی بزانێت.

بنەمای شازدەیەم: دووربوون لە رێبازی قەبەكردن و گشتاندن (الابتعاد عن منهج التهويل والتعميم). (ل١٥٨-١٦١) لەبەر ئەوەی ئاژاوە و ئاشوب فاكتەری فرەوجیاواز دەیخولقێنێت، بۆیە دەبێت راڤەی جۆراوجۆریش لە بارەیەوە قەبوڵ بكەین. زانایانی ئەهلی سوننەت لەسەر ئەم مژارە پێنج رێبازیان پێشنیار كردوە: زانایانی ئەهلی كەلام بە هیچ جۆرێك بە باشی نابینن باسكردن و تاوتوێكردنی ئەم بابەتە. بەشێكی تر لە زانایان تەنها بە مەبەستێكی زانستی رێگە دەدەن ئەم باسانە تاوتوێ بكرێت. كۆمەڵێكی دیكە لە زانایان دەچنە ناو ئەم باسانە بەڵام پێیان وایە هەموو هاوەڵان لە سەر كار وكۆششی خۆیان پاداشتكراون، سوچ ناخەنە سەر هیچ لایەكیان. كە ئەمە تێڕوانینێكی بەربڵاوی ناو موسڵمانان بوە لە هەموو سەردەمەكاندا. رێبازێكی تری بەشێك لە زانایان وێنەی حەسەنی بەسری بریتیە لە تاوتوێكردن بێ بیانوو هێنانەوەو بەرگریكردن لە كەس بۆ ئەوەی كە روویداوە. رێبازی پێنجەم كە ئیبن عەرەبی ئەندەلوسی رابەرایەتی دەكات، رووداوەكان پەرچەكردارانە راڤە دەكات و دەبێتە لایەنگیرو بەرگریكار، ركابەری تێڕوانینی گروپێكی شیعە دەكات.

لەناو ئەم كەلەپورە كەڵەكە بووە زانایەكی وەك ئیبن تەیمیە لە سەدەی هەشتی كۆچیدا رێبازێكی مامناوەندی گرتۆتە بەر، دوای شارەزابوون لە كۆی رووداوەكان شیكاری روداوو كەسەكان دەكات، بنەماكانی بەرزتر لە پلەی كەسەكانەوە داناوە و، سنوری رەخنەگرتنیش نابەزێنێت، چاوی تەنها سپی و رەش نابینێت، بەڵكو كۆی رەنگەكانی لە بەر چاوە.

بنەمای هەڤدەیەم: جیاكاریی لە نێوان پێشڕەوان و ئەوانەی دوای ئەوان موسڵمان بوون (التمييز بين السابقين وغير السابقين) (ل١٦٢-١٧١) رێبازێك شێخی ئیسلام گرتویەتیە بەر كە گشتگیرانە تاوتوێی بابەتەكان ناكات، بۆیە پێی وایە جەنگی جەمەل ئاشوبێك بوو هاوەڵانی پێشڕەوی وەك عائیشە و عەلی و زوبێرو تەڵحە..(خ.ر) تووشی بوون. بەڵام جەنگی سەففەین جەنگی نێوان دوو دەستە بوو، یەكیان دادخوازو دوەمیان پێشێلكار، بۆیە هەڵوێستی هاوەڵانی وەك موعاویە و عەمری كوڕی عاص (خ.ر) ناكرێت وەك هەڵویستی عەلی كوڕی ئەبی تالیب (خ.ر) تەماشا بكرێت.

بنەمای هەژدەیەم: خۆبەدوورگرتن لەزۆرلەخۆكردن لە مانادانان و راڤەی رووداوەكان (اجتناب التكلف في التأول والتأويل) (ل١٧١-١٧٤) هەر بەڵاو ئێشێك هەر خوێنێكی بەناڕەوا رژاوی نێوان هاوەڵان و دوای هاوەڵانیش بەشێكی زۆری لە دەرئەنجامی فرە راڤەكردن بوو بۆ چەمك و دەقەكان. بۆیە زۆر بادان و دەسدان لە دەقەكان و بیانوو هێنانەوە بۆ هەڵوێستی هەڵەی سەركردەو كەسەكان رێگەخۆشكەرە بنەماكانی داد و راوێژ بەلابنرێت و دەستدرێژی و ستەم و دەستگركردن بە دەسەڵات و سەروەتی گشتیدا بیانووی بۆ بهێنرێتەوە. بۆیە بە ناوی بەرگریكردن لە هاوەڵان كە هەڵگری یەكەمی ئیسلامن نابێت ستەم لە بنەماكانی خودی ئیسلام بكەین، نابێت تەنها وەك پارێزەر بەرگریكار بین یان تەنها وەك دادوەر حوكم بۆ كەسەكان دەربكەین، هونەر ئەوەیە لەو نێوەندەدا زانایانە باڵانس رابگرین. ئەوەش روونە سەرەتا پارێزگاری لە بنەماكانی ئیسلام دواتر بەرگریكردن لە كەسەكان.

بنەمای نۆزدەهەم: وردكاری لە چەمك و زاراوەكان (التدقيق في المفاهيم والمصطلحات) (ل١٧٤-١٨٢) رێگریكردن لە باسكردنی ئەوەی رویداوە لە نێوان هاوەڵان سەرچاوەكەی تێنەگەشتنە لە مانای وردی چەمك و زاراوەكانی وەك (قسەپێ وتن، دادگەری هاوەڵان،...) (السب، اللعن، الشتم، الذم، اللعن، الخوض،..). جا جیانەكرنەوەی مانای زمانەوانی وزاراوەیی وشەكان جیاوازی ماناكانیان لەو سەردەمە و لە ئێستادا رێگربووە لە باسكردنی جیاوزی نێوان هاوەڵان. دەستیشانكردنی هەڵەی هاوەڵێك و رەخنەگرتن لەو كارەی وەك قسە پێوتنی سەیركراوە. لە كاتێكدا رەخنەگرتن قسە پێوتن نییە. بەڵام گەر باسكردنی جیاوازیەكان بۆ زەمكردن و جنێودان و نەفرەتكردن بێت ئەوەیە كە هەموو زنایانی ئەهلی سوننەت قەدەغەیە بە لایانەوە.

هەروەهـا دادگـەری هـاوەڵان (عدالـة الصحابـة ) تەنهـا مەبەسـت لێـی دادگەریـە لـە گێرانـەوەی فەرمـوودە، نـەک لـە هەمـوو هەڵسـو کەوتێکیـدا. چونکـە هاوەڵانیـش مـرۆڤ بـوون و نەبوونەتـە فریشـتە تـا وەکـو هەڵەکـردن لـە سروشـتیان دەرچووبێـت.

لە لایەکـی تـر تێنەگەشـتن لـەوەی کـە ئەهلـی سـوننەت باوەڕیـان وایـە کە قسـە نەکرێت لە سـەر ئـەوەی رویداوە لـە نێـوان هاوەڵان(الكف عـما شجر بـين الصحابـة) ، هۆكارێكـی تـرە بـۆ دەسـنەبردن بـۆ ئـەم باسـە، لـە كاتێكـدا مەبەسـت لـەو باسـەكردنە بـۆ کەسـانێکە کـە پسـپۆڕنین و تـا بـێ زانیـاری تـەواو خـۆ لـەو باسـانە نـەدەن، یاخـود نـەوەک بـە جۆرێـک باسـی بکـەن بگاتـە قسـەپێوتن و جنێـودان. لـە کاتێکـدا لـە کەلەپـووری ئیسـلامیدا دەیـان کتێـب و سـەدان بـەرگ لـە سـەر ئـەم بابەتـە نـوسراون.

بنەمـای بیسـتەم: جیاکردنـەوەی هەڵـە و تـاوان و کـەم و کـورتی و کەمتەرخەمـی. (التمييـز بـين الخطـأ والخطيئـة ، بـين القصـور والتقصـير) (ل١٨٢-١٨٧) هەڵەیەکـی تێڕوانیـن هەیـە کـە زۆرێـک تێیکەوتـوون لـە باسـی هاوەڵانـدا ئەویـش جیانەکردنـەوەی هەڵەیـە لـە تـاوان، هەڵەیەکی سیاسـی یـان سـەربازی نابێتـە کـە خاوەنەکـەی لـە دەرئەنجامـی کەمتەرخەمـی تیینەکەوتـوە، جیـاوازە لـە تاوانێـک کـە خاوەنەکـەی بنەماکانـی شـەرعی بـۆ شـکاندووە و بـۆ مەبەسـتێکی شەخسـی خـۆی هەوڵـی داوە. جـا تەقدیـری سیاسـی یـان سـەربازی هەڵـەی هاوەڵێکـی وەک عەلـی و حوسـەین و ئیبـن زوبەیـر نایانکاتـە گوناهبـار، جونکـە ئـەوان لـە بـەر پاراسـتنی بنەمـاکان ئـەو رێگەیـان هەڵبـژارد و بەرامبەرەکانیـان ئامانجیـان وەرگرتنـی دەسـەڵات بـوو، بۆیـە نابێـت ئـەم دوو لایەنـە وەک یـەک تەماشـا بکرێـن هەڵـەی سیاسـی و سـەربازی یەکسـان نیـە بـە کۆشـش کـردن بـۆ گەشـتنە دەسـەڵات بـە هـەر نرخێـک بێـت وەک ئـەوەی لایەنـی دوەم (موعاویـە و یەزیـد و حەججـاج کردیـان. لایەنـی یەکـەم هەڵەکـەی دونیاییـە، لایەنـی دوەم هەڵەکـەی دینیـە.

بنەمـای بیسـت و یەکـەم: جیـاوازی کـردن لـە نێـوان گوتـاری شـەرعی و گوتـاری قەدەریـدا (التمييـز بـين الخطـاب الشرعـي والخطـاب القـدري). (ل١٨٧-١٨٩) فەرمـوودە زۆرن کـە بـاس لـە روودانـی ئاشـووب دەکات، بـەڵام نابێـت بەتێگەشـتنێکی جەبریانـە لـەو پێشـهاتانە بڕوانیـن تەنهـا تەماشـاکاربین، چونکـە لـە هەمانکاتـدا ئایـات و فەرمـوودەش زۆرن کـە بـە روونـی بـاس لـە دەسـتگرتنی دەسـترێژیکار دەکات و پشـتیوانیکردن لـە ستەملێکراو دەکات. لەبەرئـەوە ئـەوەی هەواڵـدان لـەو رووداوانـە باسـی قەدەرەکانـی بەردەمـی ئوممەتـە و بـۆ هۆشـیاری و ئاگاداربوونـە، بـەڵام وتارێکـی دیکـەی شـەرعی هەیـە کـە داوای هەڵوێسـتی دروسـت دەکات لـە کاتـی دەرکەوتنـی ئـەو ئاشـوبانە. وە نابێـت ئـەو دوو وتـارە تێکـەڵ بکرێـن.

بنەمـای بیسـت و دووەم: حوکـم لـە سـەر دەرەوە دەدرێـت، خـودای گـەورە ئـاگاداری نهێنیەکانـە (الحكـم بالظواهـر واللـه يتـولى السرائـر). تەنهـا پەیڕەویکردنـی ئـەم بنەمایـە بەسـە بـۆ هـەر کەسـێک کـە دەچێتـە سـەر باسـی رووداوەکانـی سـەردەمی هـاوەڵان، بریـاری بـۆ کەسـەکان لەسـەر رووی دیـارو دەرەوەی رووداوو کەسـەکان بێـت، لـە دووی نیـەت و نـاوەوەی نادیـاری رووداوەکان نەبێـت. جـا ئـەو کاتـە کات و کۆششـێکی زۆری بـۆ دەگەڕێتـەوەو پەنـدو وانەیەکـی زۆریشـی لـێ دەردەهێنێـت.

هەرچەنـدە نوسـەر لـە دانانـی ئـەو بیسـت و دوو بنەمایـە سـوودی زۆری لـە نوسراوەکانـی زانـای نـاودار شـێخی ئیسـلام ئیـبن تەیمیـە بینیـوە، بـەڵام لـە ناونیشـانێکی لاوەکیـدا تێبینـی خـۆی لـە سـەر رێبازەکـەی تۆمـار دەکات، جونکـە نوسـەر پێـی وایـە ئـەو زانـا نـاودارە بـە جۆرێـک لـە روداوەکان دەڕوانێـت موعاویـە بـە بێتـاوان دەردێنیـت. بـۆ سـەلماندنی ئـەم رەخنەشـی چەندیـن بەڵگـەی مێژوویـی باوەڕپێکـراو بـاس دەکات، کـە بەڕوونـی ئـەوە دەردەخـەن موعاویـە هـەر لـە سـەرەتاوە کارو پلانـی بـۆ ئـەوە بـوە کـە خـۆی ببێتـە خەلیفـە. (ل١٩٣-٢٠٥).

نوسـەر دوا بەشـی کتێبەکـەی تەرخـان کـردوە بـۆ رەخنـە لـەو رێبـازەی زانایەکـی وەک (أبوبكـر ابـن العربـي (٤٦٨-٥٤٣ك) لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (العواصـم مـن القواصـم) پەیـڕەوی کـردووە. پێـی وایـە بابەتییانـە رووداوەکانـی هـەردوو جەنگـی جەمـەل و وصەففەینـی هەڵنەسـەنگاندوەو چەنـد تێبینـی و رەخنـەی تۆمارکـردوە لەسـەر حوکمدانـی لـە سـەر دەقـەکان و روداوەکان و کەسـەکان. (ل٢٠٦-٢٦٢).

لـە دوا وتەیـدا نوسـەر جەخـت لـە سـەر ئـەو راسـتیە دەکاتـەوە کـە لـە دەروازەدا ئامـاژەی پێـدا، کـە هۆشـیاری مێژوویـی کاریگـەری هەیـە بـۆ تێگەشـتن لـە بنەمـا شـەرعیەکان، وە بـە هەمـان شـێوە چەنـدە بنەمـاکان لـە زەینـدا روون بێـت هێنـدە هەڵسـەنگاندنی رووداوەکان لـە راسـتی نزیکـتر دەبێـت. بـۆ سـەلماندنی ئـەم راسـتیەش بـەراوردی نێـوان رێبـازی ئیـبن تەیمیـە و ئیـبن عەرەبـی دەکات لـە تێگەشـتنیان بـۆ شـەرعیەتی سیاسـی فەرمانڕەوا، کـە نووسـەر لـە تـەواوی کتێبەکەیـدا پشـتگیری لـە زۆربـەی بۆچوونەکانـی ئیـبن تەیمیـە دەکات و رەخنـەی لـە زۆربـەی بۆچوونەکانـی ئیـبن عەرەبـی هەیـە. (ل٢٦٣-٢٦٥).

هەڵبـەتـە هەمـوو بیـرو بۆچـوون و نووسـینێکیش رووبـەڕووی رەخنـە دەبێتـەوە، لـە دوای لـە چاپدانـی کتێبەکـە، کۆمەڵێـک رەخنـە بڵاوبوونـەوە لـە سـەری، نوسـەریش تەنهـا وەڵامدانـەوەی یەکێکیانـی بـە پێویسـت زانیـوە، بۆیـە لـە پاشـکۆیەکدا چەنـد تێبینیەکـی زانسـتی تۆمـار کـردوە وەک وەڵامێـک بـۆ رەخنەکانـی دکتـۆر منـير غضبـان (١٩٤٢-٢٠١٤). (ل٢٦٧-٢٧٤)